# مافی یەکسانیی بەردەم دادگا و دادگایی دادپەروەرانە

## ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٣٢

### کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ



# مافی یەکسانی بەردەم دادگا

# و

# دادگایی دادپەروەرانە

ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ٣٢

کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ

سلێمانیی – ٢٠٢٢

پەڕتووکی (٨)

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی (KCIL)

هەواڵنامەی کتێب

- ناوی پەڕتووک: مافی یەکسانی بەردەم دادگا و دادگایی دادپەروەرانە
- وەرگێڕان: KCIL
- بابەت: یاسایی
- نرخ: خۆڕایی
- نۆرەی چاپ: یەکەم – ٢٠٢٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە

# ناوەندی کوردستان بۆیاسای نێودەوڵەتیی

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردیی-ئەڵمانیی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە. تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە کلاورۆژنەی مافی پێکهاتەکانی کوردستان و دۆزی کوردستان، هەروەها پاراستن و پێشخستن و چەسپاندنی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی لە کوردستان. ناوەند لەبەر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکانی ئەو یاسایانەدا کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کوردستان دەکات.

ئەم وەرگێڕانە بەرهەمی (**ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی**)ـە بۆ ئاشناکردنتان بە ڕەهەند و تانوپۆکانی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، یەکێکە لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندەکە و وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ، باربۆی کردووە.

www.kc-interlaw.org

info@kc-interlaw.org

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆک


یەکەم: هێڵە گشتییەکان ........................................ ٧

دووەم: یەکسانیی بەردەم دادگا ........................................ ١١

سێیەم: دادبینیی دادپەروەرانە و ئاشکرا لەلایەن دادگایەکی کارامە و سەربەخۆ و بێلایەنەوە.... ١٧

چوارەم: گریمانەی بێتاوانیی ........................................ ٣١

پێنجەم: مافی ئەوکەسانەی بە تاوانێکی تاوانکاریی تۆمەتبارکراون ........................................ ٣٣

شەشەم: کەسانی نەوجەوان ........................................ ٤٥

حەوتەم: پێداچوونەوە لەلایەن دادگای باڵاوە ........................................ ٤٧

هەشتەم: قەرەبووکردنەوە لە پەڕاوەکانی بەجێنەهێنانی دادپەروەرییدا ........................................ ٥٣

نۆیەم: 'نابێت هیچ کەس دوو جار لە سەرتاوانێک دادگایی بکرێتەوە' ........................................ ٥٥

دەیەم: پەیوەندیی مادەی ١٤ لەگەڵ بڕگەکانی تری پەیماننامەکە ........................................ ٥٧


هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# یەکەم: هێڵە گشتییەکان

١. ئەم ڕاسپاردە گشتییە شوێنی ڕاسپاردەی گشتیی ژمارە ١٣ (دانیشتنی بیستویەکەم) دەگرێتەوە.

٢. 'مافی یەکسانیی بەردەم دادگا'[1] و 'دادگایی دادپەروەرانە'،[2] توخمێکی سەرەکیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە و وەک دەساوێژێک بۆ ئاگادێریی 'سەروەریی یاسا'[3] کار دەکات. مادەی ١٤ـی پەیماننامەکە، ئامانجی دڵنیابوونە لە بەڕێوەبردنی درووستی دادپەروەریی، بۆ ئەم مەبەستەش زنجیرەیەک مافی تایبەت 'دەستەبەر'[4] دەکات.

٣. مادەی ١٤ سرووشتێکی تایبەتی ئاڵۆزی هەیە، ئەمە دەستەبەریی جۆراوجۆر لەگەڵ مەودای جیاوازی بەکارهێنان ئاوێتە دەکات. ڕستەی یەکەمی بڕگەی یەکەم دەستەبەرییەکی گشتیی یەکسانیی بەردەم دادگا هێڵکێش دەکات، ئەمەش بێ گوێدانە سرووشتی دادگایی بەردەم ئەو دەزگایانەی کاری پێ دەکرێت. ڕستەی

---

[1] Right to Equality before the Court.
[2] Fair Trial.
[3] Rule of Law.
[4] Guarantees.

دووەمی هەمان بڕگە، مافی دادپرسییەکی دادپەروەرانە و گشتیی لەلایەن دادگایەکی کارامە و سەربەخۆ و بێلایەنەوە دەداتە تاکەکان، کە ئەویش بەپێی یاسا دامەزرابێت، ئەمە ئەگەر ئەو کەسانە ڕووبەڕووی هەر تۆمەتێکی تاوانکاریی ببنەوە یان ئەگەر ماف و پابەندییەکانیان لە سکاڵایەکی یاساییدا دیاریی کرابێت. لەوانەیە لە دادگاییدا ڕاگەیاندن و خەڵک لە دانیشتنی دادگا بێبەش بکرێن، ئەویش تەنها لەو ڕەوشانەدا کە لە ڕستەی سێیەمی بەندی یەکەم دیاریی کراوە. بەندەکانی ٢-٥ی مادەکە 'دەستەبەرە ڕێکارییەکان'[٥] بۆ ئەو کەسانە دەڕەخسێنن وا بە تاوانێک تۆمەتبار کراون. بەندی شەشەم 'مافی قەرەبووکردنەوە'[٦] لە بارەکانی بەجێنەهێنانی دادپەروەریی لە پەڕاوەکانی تاوانکارییدا مسۆگەر دەکات. بەندی حەوتەم 'مەترسیی دووجار دادگاییکردنەوە'[٧] قەدەغە دەکات و بەم شێوەیە ئازادییەکی جەوهەریی فەراهەم دەکات، ئەویش مافی ئازادبوونە لە دادگاییکردنەوە یان سزادانی دووبارە بۆ تاوانێک کە پێشتر سزا دراوە یان بێتاوان لێی دەرچووە. پێویستە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکە، لە ڕاپۆرتەکانیاندا، بە ڕوونی جیاوازیی نێوان ئەم لایەنە جیاوازانەی مافی دادگایی دادپەروەرانە بکەن.

---

[5] Procedural Guarantees.
[6] Right to Compensation.
[7] Double Jeopardy.

٤. مادەی ١٤ چەندین دەستەبەریی دەگرێتەوە، دەبێت دەوڵەتانی ئەندام بێ گوێدان بە 'نەریتیی یاسایی'[8]ی و 'یاسای ناوخۆیی'[9]ی خۆیان، ڕێزی لێ بگرن. لە کاتێکدا پێویستە ڕاپۆرت لە سەر چۆنێتیی لێکدانەوەی ئەم دەستەبەریانە لە پەیوەندیی بە سیستەمی یاسایی خۆیان بدەن، کۆمیتەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ناکرێت دیارییکردنی ناوەڕۆکی بنەڕەتیی دەستەبەرییەکانی پەیماننامەکە، تەنیا بۆ سەرپشکیی یاسای ناوخۆیی جێ بهێلرێن.

٥. لە کاتێکدا ڕەنگە خۆبواردن لە برگە تایبەتەکانی مادەی ١٤ پەژرێنراو بێت، بەڵام خۆبواردنی گشتیی لە مافی دادگایی دادپەروەرانە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی پەیماننامەکە ناگونجێت.[i]

٦. لە کاتێکدا مادەی ١٤ لە ڕیزژمێری 'ئەو مافانەی شیاوی هەڵپەساردن نین'[10]ی بەندی ٢ی مادەی ٤ی پەیماننامەکەدا نییە، ئەوا ئەو دەوڵەتانەی لە ڕێکارە ئاسایییەکانی داواکراو بەپێی مادەی ١٤، لە بارودۆخی نائاساییدا هەندێک ماف هەڵدەپەسێرن، بەڵام پێویستە دڵنیا بن کە هەڵپەساردنی ئەو مافانە لەوەی دۆخەکە دەیخوازێت زیاتر

[8] Legal Traditions.
[9] Domestic Law.
[10] Non-Derogable Rights.

نییە. هەرگیز دەستەبەریی دادگایی دادپەروەرانە ناخرێتە ژێر ڕێوشوێنی 'ئەو مافانەی شیاوی هەڵپەساردنن'.[11] بەم ڕەنگە بۆ نموونە، بەوپێیەی مادەی ٦ــــی پەیماننامەکە سەرتاپێ بۆ ئەو مافانەن کە شیاوی هەڵپەساردن نین، هەر دادگاییەک لە کاتی باری نائاساییدا ببێتە هۆی سەپاندنی سزای لە سێدارەدان، ئەوا دەبێت لەگەڵ بڕگەکانی پەیماننامەکە بگونجێت، لەوانەش: هەموو مەرجەکانی مادەی ١٤.[ii] بە هەمان شێوە، بەوپێیەی مادەی ٧ سەرتاپێ بۆ ئەو مافانەیە کە شیاوی هەڵپەساردن نین، کەواتە هیچ یەکێک لەو دانپێدانان و بەڵگانەی وا بە پێشێلکردنی ئەم بڕگەیە بەدەست هاتوون، وەک بەڵگەی ئەو دادبینییانەی وا مادەی ١٤ دەیانگرێتەوە، بەکار ناهێنرێت. لەوانەش: لە ماوەی باری نائاساییدا،[iii] جگە لەو کاتەی، ئەگەر دانپێدانان و بەڵگەیەک بە پێشێلکردنی مادەی ٧ بەدەست هاتبوو، هەروەها وەک بەڵگەیەک بەکار هێنرابێت، ئەمەش ئەگەر لە دەرئەنجامی ئەشکەنجەدان یان هەر مامەڵەیەکی تر، کە بەپێی ئەم بڕگەیە قەدەغە کراوە، هەڵهێنجرابێت.[iv] یان لادان لە بنەما بنەڕەتییەکانی دادگایی دادپەروەرانە، لەوانەش: گریمانەی بێتاوانیی، کە هەموو کاتێک قەدەغەیە.[v]

---

[11] Derogable Rights.

## دووەم: یەکسانیی بەردەم دادگا

٧. ڕستەی یەکەمی مادەی ١٤ـــی بەندی ١، بە شێوەیەکی گشتیی مافی یەکســـانیی بەردەم دادگا دەســـتەبەر دەکات. ئەم دەســـتەبەرییە، تەنیا ئەو دادبینییانە ناگرێتەوە وا لە ڕســـتەی دووەمی بەندی یەکەمی مادەی ١٤ـــدا باس کراون، بەڵام دەبێت هەرکاتێک 'یاسای ناوخۆیی'[12] ئەرکێکی دادوەریی بە دەزگایەکی دادوەریی سپارد، ڕێزیان لێ بگیرێت.[vi]

٨. بە شـێوەیەکی گشـتیی، مافی یەکسـانیی بەردەم دادگا، جگە لەو بنەمایانەی لە ڕستەی دووەمی مادەی ١٤ـــی بەندی یەکەمدا هاتوون، 'یەکسـانیی دەسـتڕاگەیشـتن بە دادگا'[13] و 'ڕەخسـاندنی هاودەرفەتیی'[14] دەســـتەبەر دەکات، هەروەها دڵنیایی دەدات، بێ هیچ جیاکارییەک، مامەڵە لەگەڵ لایەنەکان دەکرێت.

٩. مادەی ١٤ـــی 'مافی دەستڕاگەیشتن بە دادگاکان'،[15] لە بارەکانی یەکلایکردنەوەی تۆمەتی تـاوانکـاریـیدا، مـاف و پـابەنـدییەکـان لە

[12] Domestic Law.
[13] Equal Access to Court.
[14] Equality of Arms.
[15] Right of Access to the Courts

سکاڵایەکی یاسـاییدا دەگرێتەوە. پێویسـتە لە هەموو بارێکدا و بە شـێوەیەکی کاریگەر، دەسـتڕاگەیشـتن بە کارگێڕیی دادوەریی دەسـتەبەر بکرێت، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی، لە ڕووی ڕێکارەوە، هیچ تاکێک لە مافی داوای دادپەروەریی بێبەش نابێت. مافی دەستڕاگەیشتن بە دادگا و یەکسـانیی بەردەمیان تەنیا بۆ هاونیشـتیمانیانی دەوڵەتانی ئەندام نییە، بەڵکوو دەبێت بۆ هەموو تاکێک بەردەست بێت، ئەمە بێ گوێدانە نەتەوە یان 'بێدەوڵەتیی'[١٦] و پێگەی تاکەکان، جا 'پەنابەر'[١٧] بێت یان ئاوارە و 'کرێکاری کۆچبەر'[١٨] و منداڵانی بێسەرپەرەشت و کەسانی تر، ڕەنگە ئەمانە خۆیان لە خاک یان لە ژێر دەسـەڵاتی دادوەریی دەوڵەتی ئەندامدا ببینەوە. لە دۆخێکدا کە هەوڵەکانی تاکێک بۆ دەستڕاگەیشتن بە دادگاکان یان دادگا کارامەکان شـکسـت دێنن، ئەوا دەکەوێتە ژێر ڕسـتەی یەکەمی بەندی یەکەمی مادەی ١٤.[vii] هەروەها، ئەم دەسـتەبەرییە هەر جۆرە جیاکارییەکی پەیوەند بە دەسـتڕاگەیشـتن بەو دادگایانەی لە سەر بنەمای یاسا نییە و ناتوانرێت بە زەمینەی بابەتیی و ژیرانە پاسـاو بدرێت، ڕێبەند دەکات. ئەگەر ڕێگریی لە هەندێک کەس بکرێت تا سکاڵا لە سەر کەسانی تر تۆمار بکەن، کە بە بەهۆی نەژاد و

[16] Statelessness.
[17] Asylum Seekers.
[18] Migrant Workers

ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و ئایین و بۆچوونی سیاسی یان بۆچوونی تر و هەروەتر بنەچەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی و خاوەندارێتیی و لەدایکبوون یان پێگەی تریان، ئەوا دەستبەرییەکە پێشێل دەبێت.[viii]

١٠. زۆر جار بەردەستبوون یان نەبوونی یارمەتیی یاسایی ئەوە دیاریی دەکات، داخۆ کەسێک دەتوانێت دەستی بە دادگایی بگات یان بەشدارییەکی واتاداری تێدا بکات یان نا؟ لە کاتێکدا مادەی ١٤ لە بەندی ٣ (ت)دا بە ڕوونیی باسی دەستەبەریی یارمەتیی یاسایی بۆ 'دادبینی تاوانکاریی'[19]ـەکان دەکات، دەوڵەتان هان دەدرێن تا بێبەرانبەر یارمەتیی یاسایی لە پەڕاوەکاندا دابین بکەن، ئەمەش بۆ ئەو کەسانەی پارەی پێویستیان بۆ پرۆسەکە نییە. لە هەندێ باردا دەوڵەتان بە ناچاریی پابەندن تا ئەم یارمەتییە یاساییە فەراهەم بکەن. بۆ نموونە، کاتێک کەسێک سزای سێدارەی بە سەردا سەپێنراوە و 'داوای پێداچوونەوە بەپێی دەستوور'[20] بۆ دادگاییەکەی دەکات. بەڵام پارەی پێویستی بۆ دابینکردنی تێچووی یارمەتیی یاسایی نییە بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری پرسەکەیدا بگەڕێت، ئەوا دەوڵەت بەپێی مادەی ١٤، بەندی یەکەم، پابەندی پێشکەشکردنی یارمەتیی یاساییە، هاوکات لەگەڵ

---

[19] Criminal Proceedings.
[20] Seeks Constitutional Review.

مافی چارەسەرێکی گونجاو، وەک لە مادەی ٢، بەندی سێیەمی پەیماننامەکەدا هاتووە.[ix]

١١. بە هەمان شێوە، ڕەنگە سەپاندنی بڕی پارەی پێشەکیی بە سەر لایەنەکاندا بۆ ئەنجامدانی دادگایی، ڕێگریی لە دەستڕاگەیشتنیان بە دادپەروەریی بکات، جا لەوانەیە بەپێی بەندی ١ـی مادەی ١٤ کێشە بسازێنێت.[x] هەروەتر بە تایبەتیی ڕەنگە بەخشینی پاداشتی تێچوونەکان لە لایەنی براوە و بێ پێشکەشکردنی یارمەتیی یاسایی، لەمپەرسازیی لە سەر توانای کەسەکان بۆ بەدواداچوونی ڕەوایەتیی مافەکانیان بەپێی پەیماننامەکە و لەو دادگاییانەی بۆیان بەردەستن[xi]؛ هەبێت.

١٢. مافی یەکسانیی دەستڕاگەیشتن بە دادگا لە بەندی ١ـی مادەی ١٤ـدا هاتووە، ئەمە پەیوەندیی بە دەستڕاگەیشتن بە دادبینییەکانی قۆناغی یەکەمەوە هەیە و پرسی مافی داواکاریی پێداچوونەوە یان قەرەبووکردنەوە ناخاتە ڕوو.[xii]

١٣. هەروەها مافی یەکسانیی بەردەم دادگا ڕەخساندنی هاودەرفەتیی مسۆگەر دەکات. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە پێویستە ئەو مافانە بۆ هەموو لایەنەکان دابین بکرێن، مەگەر جیاکارییەکان لە سەر بنەمای یاسا بن و بتوانرێت بە زەمینەی بابەتیی

و ژیرانە پاساو بدرێن، ئەمە ئەگەر زیانێکی ڕاستەقینە یان نادادپەروەرییەکی تر بۆ تۆمەتبار بەدوای خۆیدا نەهێنێت.[xiii] بۆ نموونە، ئەگەر تەنیا داواکاری گشتیی نەک تۆمەتبار، ڕێی بدرێتێ تا داوای پێداچوونەوە بۆ بڕیارێکی دیارییکراو بکات، ئەوا هیچ ڕەخساندنێکی هاودەرفەتیی لەگۆڕێ نییە.[xiv] هەروەها بنەمای یەکسانیی نێوان لایەنەکان بۆ دادبینییە مەدەنییەکانیش دەگونجێت، بەو شێوەیەی کە دەرفەت بە هەموو لایەنێک بدرێت تا بەرەنگاریی هەموو ئەو مشتومڕ و بەڵگانە ببێتەوە وا لایەنی بەرانبەر دەیانخاتە ڕوو.[xv] هەروەها ڕەنگە لە باری ئاوارتەدا داوا بکرێت یارمەتیی بێبەرانبەری وەرگێڕانی زارەکیی بەردەست بخرێت، ئەمەش لەو شوێنانەی لایەنێکی نەدار ناتوانێت بەپێی بنەمایەکی یەکسان بەشداریی دادخوازییەکان و لێکۆڵینەوەی گەواهیدەران بکات.

١٤. هەروەها یەکسانیی بەردەم دادگا دەخوازێت پەڕاوەکان وەک یەکتری مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر ڕێکارە تاوانکارییە ئاوارتەکان یان دادگای تایبەتی پێکهێنراو بۆ دیارییکردنی هەندێک جۆری پەڕاو پێک هێنرا،[xvi] ئەوا پێویستە زەمینەی بابەتیی و ژیرانە بۆ پاساودانی جیاکارییەکە لەگۆڕێ بێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## سێیەم: دادبینیی دادپەروەرانە و ئاشکرا لەلایەن دادگایەکی کارامە و سەربەخۆ و بێلایەنەوە

١٥. مافی دادبینیی دادپەروەرانە و ئاشکرا لەلایەن دادگایەکی کارامە و سەربەخۆ و بێلایەن و دامەزراو بە پێودانگی یاسا، بەپێی ڕستەی دووەمی بەندی یەکەمی مادەی ١٤ی پەڕاوەکانی تایبەت بە دیارییکردنی 'تۆمەتی تاوانکاریی'[٢١] دژی تاک یان ماف و پابەندییەکانیان لە سکاڵایەکی یاساییدا، دەستەبەر دەکات. دەکرێت تۆمەتە تاوانکارییەکان، ئەوانەی پەیوەندییان بەو کردەوانەوە هەیە وا بەپێی 'یاسای تاوانی ناوخۆیی'[٢٢] بە سزا ناسێنراون، بۆ ئەو کردارانەی وا بە سرووشت تاوانن و سزالەسەرن، درێژ بێتەوە؛ ئەمە بۆ ئەوەی گوێ بدرێتە بەکاربردیان لە یاسای ناوخۆییدا، ئەمەش دەبێت بەپێی مەبەست و تایبەتمەندیی و توندێتییان، وەک سزا سەیر بکرێن.[xvii]

١٦. چەمکی دیارییکردنی ماف و پابەندییەکان (لە داوایەکی یاساییدا) ئاڵۆزە. لە زمانە جیاوازەکانی پەیماننامەکەدا، بە شێوەیەکی

[21] Criminal Charge.
[22] Domestic Criminal Law.

جیـاواز داڕێژراوە. هەروەتر کۆمیتەکە ئـامـاژە بەوە دەکـات، چەمکی (ســکاڵای یاســایی) یان هاوتاکانی لە زمانەکانی تردا، لە ســەر بنەمای سرووشتی ئەو مافە دامەزراوە نەک بنەمای پێگەی یەکێک لە لایەنەکان یان ئەو تایبەتمەندییەی وا سیستەمی یاسایی ناوخۆیی بۆ دیارییکردنی مـافە تـایبەتەکان دابینی دەکـات.[xviii] چەمکەکە بریتییە لە: (ا) 'ڕێکـارە دادوەرییەکـان'،[٢٣] ئەمـانەش ئـامـانجـیـان دیـاریـیـکـردنی مـاف و پابەندییەکانە و پەیوەندییان بە بوارەکانی گرێبەســت و خاوەندارێتیی و زیان هەیە لە بواری 'یاسـای تایبەت'[٢٤]ــدا، (ب) هەمان بنەما لە بواری 'یاســای کارگێڕیی'[٢٥]ــــشدا هەیە، وەک کۆتایهێنان بە دامەزراندنی فەرمـانبەرانی حکوومیی،[xix] دیـاریـیکردنی یـارمەتییەکـانی دەســتەبەریی کۆمەڵایەتیی،[xx] یـان خـانەنشـینی سـەربازیی،[xxi] یـاخود ڕێکـارەکـانی بەکارهێنانی زەوی گشتیی،[xxii] یان وەرگرتنی ماڵوموڵکی تایبەت. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە (پ)، ڕێکـارەکـانی تر بگرێتەوە، ئەمەش دەبێـت بەپێی بنەمای پەڕاوبەپەڕاو و لە ژێر ڕۆشنایی مافەکاندا هەڵسەنگێندرێت.

.١٧ لە لایەکی دیکەوە، وەک لە ڕســتەی دووەمی بەنـدی یەکەمی مادەی ١٤دا هاتووە، لەو شوێنانەی کە یاسای ناوخۆیی هیچ مافێک بە

---

[23] Judicial Procedures.
[24] Private Law.
[25] Administrative Law.

کەسی پەیوەندییدار نادات، ئەوا مافی دەستڕاگەیشتن بە دادگا کاری پێ ناکرێت. لەبەر ئەم هۆکارە، کۆمیتەکە ئەم بڕگەیە بە کارپێنەکراو دادەنێت، ئەمەش لەم بارانەدا: کاتێک یاسای ناوخۆیی هیچ مافێک بۆ بەرزکردنەوەی پلەی بەرزتری خزمەتی مەدەنیی[xxiii] و دانانی وەک دادوەر،[xxiv] یان لەسێدارەدان لەلایەن دەستەیەکی کارگێڕییەوە دانانێت،[xxv] جگە لەوەش، ئەم دەستەبەرییە ڕێکارەکانی 'ڕادەستکردنەوە'[٢٦] و 'دەرکردن'[٢٧] و 'وڵاتبەدەربەریی'[٢٨] ناگرێتەوە.[xxvi] هەرچەندە ئەوانەی باس کران، ڕەنگە مافی دەستڕاگەیشتن بە دادگای تێدا نەبێت، وەک لە ڕستەی دووەمی بەندی یەکەمی مادەی ١٤ـدا هاتووە، بەڵام ڕەنگە هێشتا لەم پەڕاوانە و هاوشێوەی ئەم پەڕاوانەدا، پێویستە دەستەبەریی ڕێکارەکانی دیکە بەکار بهێنرێت.[xxvii]

هەوالنامەی کتێب

١٨. لە بەندی یەکەمی مادەی ١٤ـدا مەبەست لە دادگا؛ ئەوەیە دەستەیەک دەستنیشان دەکرێت - ئەمە بێ گوێدانە ناونانەکەی ـ دەبێت دادگاکە بە یاسا دامەزرا بێت و لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانانیدا سەربەخۆ بێت، یان لە بارە تایبەتەکاندا سەربەخۆیی دادوەریی بۆ بڕیاردان لە بابەتە یاساییەکان، لەو دادبینییانەی

[26] Extradition.
[27] Expulsion.
[28] Deportation.

سـروشـتی دادوەریيان هەيە، بەدەسـت دەهێنێت. ڕسـتەی دووەمی بەندی یەکەمی مادەی ١٤ ، دەستەبەریی دەستڕاگەیشتن بەو چەشنە دادگـايـانە بۆ هەموو ئەوانەی تۆمەتی تـاوانكـاريـان دژ تۆمار كراوە، دەكات. هەروەها، ناكرێت ئەم مافە سـنووردار بكرێت و هەر سـزايەكی تـاوانكاريی لەلایەن دەسـتەيەكەوە، كە دادگا پێكی نەهێنێت، لەگەڵ ئەم بـڕگەيە نـاگـونجـێـت. بە هەمـان شـێـوە، هەركـاتـێـك مـاف و پابەندييەكان لە سـكاڵايەكی ياسـاييدا دياريی كران، ئەوا دەبێت ئەم ڕسـتەيە، لانيكەم لە قۆناغێكی دادبينييدا، لەلایەن دادگايەكەوە بە جەوهەريی بێتە ئەنجامدان. شكستی دەوڵەتێكی ئەندام لە دامەزراندنی دادگايەكی كارامە بۆ دياريكردنی ئەو ماف و پابەندييانە يان ڕێگەدان بە دەستڕاگەيشتن بە دادگايەكی لەو جۆرە لە بارە تايبەتەكاندا، پێشێلی مادەی ١٤ دەكات، ئەمە ئەگەر ئەو سـنووردارکردنانە بەپێی بنەمای ياسـای ناوخۆيی نەبن، ئەوا پێويسـت ناكات بۆ ئامانجی ڕەوا بگەڕێن، وەك كارگێڕيی درووسـتی دادپەروەريی، يان لە سـەر بنەمای ئاوارتەی دەسـەڵاتی دادوەريی، كە لە يـاسـای نێودەوڵەتييەوە وەرگيراوە، بۆ نموونە، وەك پـارێزبەنـديی، يـان ئەگەر دەسـتڕاگەيشـتن بۆ تـاكێـك سـنووردار بكرێت، ئەمەش بە ڕادەيەك كە خودی بنچينەی مافەكە تێك بدات.

١٩. مەرجی کارامەیی و سەربەخۆیی و بێلایەنیی دادگا بە تێگەیشتنی بەندی یەکەمی مادەی ١٤، مافێکی ڕەهایە و هیچ ئاوارتەیەک هەڵناگرێ.[xxviii] بە تایبەتیی، مەرجی سەربەخۆیی ئاماژە بە ڕێکار و لێهاتوویی دامەزراندنی دادوەران دەکات، لەگەڵ دەستەبەریی ئاسایشی ماوەی کارکردنیان تا تەمەنی خانەنشینی ناچاریی یان تەواوبوونی ماوەی کارکردنیان، ئەو مژارانەش بریتین لە؛ هەلومەرجی بەڕێوەبردنی پلەبەرزکردنەوە و گواستنەوە و هەڵپەساردن و وەستاندنی ئەرکەکانیان، هەروەها سەربەخۆیی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دادوەریی لە دەستێوەردانی سیاسیی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانەوە. پێویستە دەوڵەتان ڕێوشوێنی تایبەت بگرنە بەر، ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی، پاراستنی دادوەرەکان لە هەر جۆرە کاریگەرییەکی سیاسیی لە بڕیاردانیان، جا ئەمە لە ڕێی دەستوور یان پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی وا ڕێکارە ڕوون و پێوەرە بابەتییەکان بۆ دامەزراندن و پاداشت و ماوەی کارکردن و پلەبەرزکردنەوە و هەڵپەساردن و دەرکردنی ئەندامانی دەسەڵاتی دادوەریی و ئەو سزایەی بەسەریاندا سەپێنراوە، دابمەزرێنێت.[xxix] لە دۆخێکدا ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی و جێبەجێکردن بە ڕوونیی جیا نەکرێنەوە یان لە شوێنێکدا دەسەڵاتی

جێبەجێکردن توانای چاودێریی یان ئاڕاستەکردنی دەسەڵاتی دادوەریی هەبێت، ئەوا لەگەڵ تێگەشتنی دادگای سەربەخۆدا ناگونجێت.[xxx] پێویستە دادوەران لە ململانێی بەرژەوەندیی و هەڕەشەکردن بپارێزرێن. هەروەها بۆ ئاگادێریی سەربەخۆییان، پێویستە پێگەی دادوەران، وەک؛ ماوەی کارکردن و سەربەخۆییان و ئاسایش و پاداشتی گونجاو و مەرجەکانی خزمەتکردن و خانەنشینیی و تەمەنی خانەنشینیی، بە شێوەیەکی گونجاو و بەپێی یاسا مسۆگەر بکرێن.

٢٠. دادوەران تەنیا بەپێی بنەمایەکی ڕژدی خراپەکاریی یان ناکارامەیی، لە کارەکانیان دوور دەخرێنەوە، ئەمەش دەبێت بەپێی ڕێکارە دادپەروەرییەکان بێت، کە بابەتێتیی و بێلایەنیی مسۆگەر دەکات وەک ئەوەی لە دەستوور و یاسادا هاتووە. دەرکردنی دادوەران لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، بۆ نموونە، پێش تەواوبوونی ئەو ماوەیەی بۆیان دانراوە، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی دیاریکراویان پێ بدرێت و پارێزگارییەکی دادوەریی کاریگەر بۆ بەرپەرچدانەوەی دەرکردنەکەیان بەردەست بێت، لەگەڵ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییدا ناگونجێت.[xxxi] بۆ نموونە، هەمان شت بۆ دەرکردنی ئەو دادوەرانەی گوایە گەندەڵن، لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە، ئەمەش بێ

هەواڵنامەی کتێب

جێبەجێکردنی هیچ کام لەو ڕێکارانە وا پێویستە پەیڕەو بکرێت کە لە یاسادا هاتوون، دەگرێتەوە.[xxxii]

٢١. مەرجی 'بێلایەنیی'[٢٩] دوو ڕەهەندی هەیە. یەکەم، نابێت دادوەران ڕێ بدەن بڕیارەکەیان کاریگەریی 'لایەنگریی'[٣٠] کەسەکیی یان پێشوەختەیان پێوە دیار بێت، نە تێگەیشتنێکی پێشوەختەیان سەبارەت بەو پەڕاوە تایبەتەی لە بەردەمیاندایە هەبێ و نە بە شێوەیەک مامەڵە بکەن کە بە شێوەیەکی نادرووست بەرژەوەندیی یەکێک لە لایەنەکان بە زیانی ئەوی دیکە بەرەوپێش ببات.[xxxiii] دووەم، دەبێت دادگاش لە بەردەم چاودێرێکی بەرێوجێ بێلایەن دەرکەوێت. بۆ نموونە، ئەگەر دادبینییەک، بەهۆی بەشداریی دادوەرێکەوە و بەپێی یاسا ناوخۆییەکان، کاریگەرییەکی خراپی دروست کردبا، ئەوا دەبوو دادوەرەکە دوور بخرێتەوە، ئەمە بە شێوەیەکی ئاسایی بە بێلایەنیی هەژمار ناکرێت.[xxxiv]

٢٢. برگەکانی مادەی ١٤ هەموو دادگای ناو مەودای ئەو مادەیە دەگرێتەوە، چ ئەگەر ئاسایی بێت یان تایبەت، مەدەنیی یان سەربازیی.

---

[29] Impartiality.
[30] Prejudice.

کۆمیتەکە ئاگادارە کە دادگای سەربازیی یان تایبەت، لە زۆرێک لە وڵاتاندا، خەڵکی مەدەنیی دادگایی دەکەن. ئەمەش لە کاتێکدا پەیماننامەکە دادگایی خەڵکی مەدەنیی لە 'دادگای سەربازیی'[31] یان تایبەتدا قەدەغە ناکات، بەڵام داوا دەکات ئەو جۆرە دادگاییانە بە تەواویی لەگەڵ مەرجەکانی مادەی ١٤دا بگونجێن و ناکرێت بەهۆی تایبەتمەندیی سەربازیی یان تایبەتیی دادگای دیاریکراوەوە دەستەبەرییەکانی سنووردار یان دەستکاریی بکرێن. هەروەها کۆمیتەکە ئاماژە بەوە دەکات، ڕەنگە دادگایی خەڵکی مەدەنیی لە دادگا سەربازیی و تایبەتەکاندا کێشەی زۆر درووست بکات، تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە کارگێڕیی دادپەروەریی و دادگەریی و بێلایەنیی و سەربەخۆییەوە هەیە. لەبەر ئەوە، گرنگە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگیرێتە بەر، ئەمەش بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی ئەم جۆرە دادگاییکردنانە لە ژێر بارودۆخێکدا ئەنجام دەدرێن کە بە ڕاستیی بتوانن دەستەبەرییەکانی مادەی ١٤ بە تەواوەتیی فەراهەم بکەن. هەروەها دەبێت دادگایی هاووڵاتییانی مەدەنیی لەلایەن دادگای سەربازیی یان تایبەتەوە ئاوارتە بێت،[xxxv] واتە، پێویستە سنووردار بێت بەو پەڕاوانەی کە دەوڵەتی ئەندام بتوانێت نیشانی بدات کە پەنابردن بۆ ئەو جۆرە دادگاییانە

[31] Military Court.

پێویســـتییە و بە هۆکاری بابەتیی و گرنگ پاســـاو دەدرێن، هەروەها لە شـــوێنێکـدا پەنـا بۆ ئەم جۆرە لە دادگـاییـانە دەبرێـت کە چینێکی دیارییکراوی تاک و تاوانەکان ناتوانن لە دادگا مەدەنییە ئاســـاییەکاندا دادگاییەکان ئەنجام بدەن.[xxxvi]

٢٣. هەنـدێـک وڵات پەنـایـان بـردووەتە بەر 'دادگـای تـایبەتیی دادوەرنادیار'[٣٢]، ئەم دادگایانە لە دادوەری نەناســـراو پێک هاتوون، بۆ نموونە، لە چـوارچێوەی ئەو ڕێوشـــوێنـانەی بۆ بەرەنگـاربوونەوەی چالاکییە تیرۆریستییەکان گیراونەتە بەر. ئەم جۆرە دادگایانە، تەنانەت ئەگەر ناســـنامە و پێگەی ئەو جۆرە دادوەرانە لەلایەن دەســـەڵاتێکی ســـەربەخۆشـــەوە پشـــتڕاســـت کرابێتەوە، زۆر جـار نەک تەنیا بەو ڕاســـتییەی کە نـاســـنـامە و پێگەی دادوەرەکـان بە ،تۆمەتبـاران نـانـاســـرێنـدرێـت، بەڵکوو پێویســـتە بەهۆی کێشـــەی ترەوە بەهەنـد وەربگێڕێـت، لەوانە؛ وەک بێبەشـــکردنی خەڵـک و تۆمەتبـاران یـان نوێنەرەکانیان[xxxvii] لە دادبینییەکاندا[xxxviii]، ســـنووردارکردنی مافی بوونی پـارێـزەرێـک بە بژاردەی خـۆیـان؛[xxxix] ســـنـووردارکـردنی تـونـد یـان ڕەتکردنەوەی مافی پەیوەندییگرتن بە پارێزەرەکانیانەوە، بە تایبەت لەو کـاتەی تۆمەتبـار مـافی ڕاوێژی لێ ســـەنـدراوەتەوە؛[xl] یـان هەڕەشـــە لە

[32] Special Tribunals of Faceless Judges.

پارێزەران؛[xli] یان کاتێکی نەگونجاو بۆ ئامادەکردنی پەڕاوەکە؛[xlii] یان سنووردارکردنی توند یان ڕەتکردنەوەی مافی بانگهێشتکردن و لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵینەوە لە گەواهیدەرەکان، لەوانەش: قەدەغەکردنی لێکۆڵینەوە لە هەندێک پۆلی گەواهیدەرەکان، بۆ نموونە؛ ئەو ئەفسەرانەی پۆلیس وا بەرپرسیاری دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەن لە تۆمەتبار.[xliii] دادگاکان و لە ناویاندا ئەوانەی دادوەرنادیارن، لە هەندێک بارودۆخی وەک ئەمانەدا، پێوەرە بنەڕەتییەکانی دادگایی دادپەروەرانە، بە تایبەتی ئەو مەرجەی گوایە دەبێت دادگا سەربەخۆ و بێلایەن بێت، جێبەجێ ناکەن.[xliv]

٢٤. مادەی ١٤ پەیوەندیدارە، ئەمەش لەو شوێنانەی دەوڵەتێک لە فەرمانی یاسایی خۆیدا و لە سەر بنەمای یاسای نەریتی یان 'دادگای ئاینیی'[٣٣]، بۆ ئەنجامدان یان پێسپاردنی ئەرکی دادوەریی دان بەو دادگاییانەدا بنێت. هەروەتر، دەبێت دڵنیایی بدرێت لەوەی ئەو جۆرە دادگاییانە ناتوانن بڕیاری پابەندکەر بدەن، لەو کاتەدا نەبێت کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانیان پێدا نراوە، یان ئەم مەرجانەی خوارێ جێبەجێ بکرێن: دادبینییەکان لەبەردەم ئەو دادگایانە سنووردار بن بە بابەتە مەدەنیی و تاوانکارییە بچووکەکان، بەدیهێنانی مەرجە

[33] Religious Court.

بنەڕەتییەکانی دادگایی دادپەروەرانە و دەستەبەرییە پەیوەندییدارەکانی تری پەیماننامەکە و بڕیارەکانیان لەلایەن دادگاکانی دەوڵەتەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەستەبەریانەی لە پەیماننامەکەدا هاتوون، پشتڕاست دەکرێنەوە و دەتوانرێت لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە لە ڕێکارێکدا، کە مەرجەکانی مادەی ١٤ـــی پەیماننامەکە بەدی بهێنێت، ئاڵنگاری بکرێت. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەم بنەمایانە پاندێتیی گشتیی دەوڵەتن بۆ پاراستنی مافەکان، ئەمەش بەپێی پەیماننامەکە پەیوەند بە هەر کەسێک، کە بەهۆی کارکردنی دادگا نەریتیی و ئایینییەکانەوە کاریگەرییان لە سەرە.

٢٥. تێگەشتنی دادگایی دادپەروەرانە دەستبەری دادبینییەکی دادپەروەرانە و ئاشکرا دەگرێتەوە. دادپەروەریی بە مانای نەبوونی کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پەستان یان هەڕەشە یان دەستێوەردان لەلایەن هەر لایەنێکەوە و بە هەر پاڵنەرێک بێت، دەگرێتەوە. بۆ نموونە، دادبینیی دادپەروەرانە بوونی نییە، ئەگەر تۆمەتبار لە دادبینییە تاوانکارییەکاندا ڕووبەڕووی دەربڕینی هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی خەڵک یان پشتگیریی لایەنێک لە هۆڵی دادگادا، کە لەلایەن دادگاوە پەسەند بکرێت، ببێتەوە، بەمەش کاریگەریی بخاتە سەر مافی بەرگریی،[xlv] یان بەر دەرکەوتەکانی تری

دوژمنایەتیی بکەوێت کە کاریگەریی هاوشـــێوەیان هەیە، وەک دەربڕینی هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانە لەلایەن 'دەستەی سوێندخۆران'[٣٤]ـــەوە[xlvi]، ئەمە ئەگەر دادگاش پەســـەندی بکات، یان هەڵبژاردنی دەســـتەی ســـوێندخۆران بەپێی بنەمای لایەنگریی ڕەگەزیی کە کاریگەری خراپی لەسەر ڕێکارەکانی دادبینی  هەبێت.

٢٦. مـادەی ١٤ تەنـیـا یەکســـانـیی و دادپەروەریی ڕێکـارەکـان دەســـتەبەر دەکات و نـاتوانرێت وەک دڵنیـابوونەوە لە نەبوونی هەڵە لەلایەن دادگا لێک بدرێتەوە.[xlvii] بە گشـــتیی بۆ دادگاکانی دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکەیە تا لە پەڕاوێکی دیاریکراودا پێداچوونەوە بە ڕاستیی و بەڵگەکان یان بەکارهێنانی یاسا ناوخۆییەکاندا بکەن، مەگەر نەتوانرێت بســـەلمێنرێت ئەو هەڵســـەنگاندن و بەکارهێنانە بە ڕوونیی ئارەزوومەندانە بووە یان هەڵەیەکی ئاشکرا و ڕەتکردنەوەی دادپەروەریی بووە، یان ئەوەی دادگا بە شـێوەیەکی تر ئەرکی سـەربەخۆیی و بێلایەنیی خۆی پێشـێل کردووە.[xlviii] هەروەها هەمان پێوەر بۆ ڕێنمایییە تایبەتەکان بۆ دەستەی سوێندخۆران لەلایەن دادوەرەوە دەگرێتەوە.[xlix]

[34] Jury.

٢٧. لایەنێکی گرنگی دادپەروەریی دادبینییەک بریتییە لە 'خێرایی'.[٣٥] لە کاتێکدا پرسی 'دواکەوتنی ناڕەوا'[٣٦] لە دادبینییە تاوانکارییەکان لە بەندی ٣ (پ)ـی مادەی ١٤ـدا بە ڕوونیی باس کراوە، دواکەوتن لە دادبینییە مەدەنییەکان ناکرێت بەهۆی بیانووی ئاڵۆزی پەڕاوەکە یان هەڵسوکەوتی لایەنەکانەوە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، دواکەوتن لە دادبینییە مەدەنییەکان و بەهێندنەگرتنی بنەمای دادبینیی دادپەروەرانەیە و لە بەندی یەکەمی ئەم بڕگەیەدا هاتووە.[i] لەو شوێنانەی ئەم جۆرە دواکەوتنانە بەهۆی کەمی سەرچاوە و کەمی بودجەوە ڕوو دەدەن، تا ئەو ئاستەی دەبێت سەرچاوەی بودجەی تەواوکەر بۆ بەڕێوەبردنی دادپەروەری تەرخان بکرێت.[ii]

٢٨. لە بنەڕەتدا دەبێت هەموو دادگاییەکان لە بابەتە تاوانییەکان یان پەیوەست بە سکاڵایەک لە یاسادا بە شێوەی زارەکیی و ئاشکرا ئەنجام بدرێن. ئاشکرایی دادبینییەکان ڕۆشنیی دادبنییەکان مسۆگەر دەکات و بەم شێوەیە پارێزبەندییەکی گرنگ بۆ بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵگا بە گشتیی دابین دەکات. هەروەها دەبێت لە سنوورێکی گونجاودا، دادگاکان زانیاریی سەبارەت بە کات و شوێنی 'دادبینیی

[35] Expeditiousness.
[36] Undue Delay.

زارەکیی[37] بخەنە بەردەستی خەڵک و ئاسانکاریی گونجاو بۆ ئامادەبوونی خەڵکی ئارەزوومەند دابین بکەن، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی پەڕاوەکە و ماوەی دادبینیی زارەکیی.[lii] هەروەها مەرج نییە دادبینی گشتیی هەموو ئەو دادبنییانە بگرێتەوە وا لەوانەیە لە سەر بنەمای پێشکەشکردنی نووسراو ئەنجام بدرێن،[liii] یان ئەو بڕیارانەی پێش دادگایی وا لەلایەن داواکاری گشتیی و دەسەڵاتە گشتییەکانی ترەوە دەدرێن.[liv]

٢٩. بەندی یەکەمی مادەی ١٤، دان بەوەدا دەنێت کە دادگاکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە تێکڕا یان بەشێک لە خەڵک بەدەر بکەن، جا ئەمە بە هۆکاری ئەخلاق و ڕێکخستەی گشتیی یان ئاسایشی نیشتمانیی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا، یان کاتێک بەرژەوەندیی ژیانی تایبەتی لایەنەکان بە پێویستی بزانێت، یان تا ئەو ڕادەیەی لە هەلومەرجێکی تایبەتدا، بە بۆچوونی دادگا، ئاشکرایی زیان بە بەرژەوەندییەکانی دادپەروەریی دەگەیەنێت. هەروەها جگە لەم جۆرە بارودۆخە ئاوارتانە، دەبێت دادبینییەکە بۆ سەرپاکی خەڵک کراوە بێت، لە نموونەی ئەمانەش؛ میدیاکان، بۆ نموونە، نابێت تەنیا بۆ پۆلێکی دیاریکراوی کەس سنووردار بکرێت. تەنانەت لەو بارانەی خەڵک لە دادگاییەکە

---

[37] Oral Hearing.

دوور دەخرێنەوە، دەبێت بڕیارەکە بۆ نموونە، بۆ دۆزینەوە بنەڕەتییەکان و بەڵگە و هۆیە یاساییەکان، ئاشکرا بکرێت، تەنها لەو شوێنانە نەبێت کە پێچەوانەی بەرژەوەندیی کەسـانی نەوجەوان بێت، یان ئەوکاتەی دادبینییەکان پەیوەندیی بە ناکۆکییەکانی هاوسـەرگریی یان سەرپەرشتیی منداڵانەوە هەیە.

## چوارەم: گریمانەی بێتاوانیی

٣٠. بەپێی برگەی دووەمی مادەی ١٤، هەموو ئەو کەسـانەی بە تاوانێکی تاوانکاریی تۆمەتبار کراون، 'مافی بەبێ بێتاوان هەژمارکردن تا ئەو کاتەی بەپێی یاسـا تاوانەکە دەسـەلمێنرێت'[38] هەیە. گریمانەی بێتاوانیی، بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ خاڵێکی بنەڕەتییە، ئەمەش باری 'سەلماندنی تۆمەت'[39]ەکە بە سەر داواکاری گشتییدا دەسەپێنێت، ئەم بنەمایە دەسـتەبەری ئەوە دەکات تا ئەو کاتەی 'بەدەر لە گومانی ژیرانە'[40] تۆمەتەکە دەسـەلمێنرێت، ناتوانرێت گریمانەی هیچ تاوانێک

---

[38] Right to be Presumed Innocent until Proven Guilty according to Law.
[39] Burden of Prove.
[40] Beyond Reasonable Doubt.

بکرێت. ئەمەش دەستەبەری ئەوە دەکات کە 'تۆمەتبار مافی سوود وەرگرتن لە گوومان وەردەگرێت'[41] و پێویستە ئەو کەسانەی بە کردەوەیەکی تاوانکاریی تۆمەتبارن، بەپێی ئەم بنەمایە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەرکی هەموو دەسەڵاتە گشتییەکانە خۆیان لە بڕیاری پێشوەختە لەمەڕ ئەنجامی دادگایی بەدوور بگرن، بۆ نموونە، بە دوورکەوتنەوە لە لێدوانی گشتیی، کە تاوانباریی تۆمەتبار دووپات دەکاتەوە.[lv] هەروەها بە شێوەیەکی ئاسایی نابێت لە کاتی دادگاییدا تۆمەتباران کۆت و بەند بکرێن یان لە قەفەسدا بهێڵرێنەوە یان بە شێوەیەک پێشکەش بە دادگا بکرێن کە وا بنوێنێت، ڕەنگە ئەو کەسانە تاوانباری مەترسیدار بن. هەروەها پێویستە ڕاگەیاندنەکان خۆیان لە ڕوومالّی ئەو هەواڵانەی گریمانەی بێتاوانی تێک دەدەن، بەدوور بگرن. زیاتر لەمەش، هەرگیز نابێت ماوەی دەستبەسەرکردنی پێش دادگایی وەک ئاماژەیەک بۆ تاوانبارکردن و ڕادەی تاوانەکە وەربگیرێت.[lvi] نکۆڵیی لە ئازادیی دەستەبەرکراو[lvii] یان بوونی بەرپرسیارێتیی لە دادبینییە مەدەنییەکان[lviii] باندۆر ناخاتە سەر گریمانەی بێتاوانیی.

[41] Accused has the Right to Benefit of Doubt.

## پێنجەم: مافی ئەوکەسانەی بە تاوانێکی تاوانکاریی تۆمەتبارکراون

٣١. مافی هەموو ئەو کەسانەی تۆمەتباری تاوانێکی تاوانکارییە کە دەبێت دەستبەجێ و بە وردیی بە زمانێک، کە تێیدەگەن، لە سرووشت و هۆکاری ئەو تۆمەتە تاوانکارییانە ئاگادار بکرێنەوە وا لە بڕگەی ٣ (ا)دا هاتوون، ئەمەش کەمترین دەستەبەریی دادگایی تاوانکارییەکانی مادەی١٤ــــیە. ئەم دەستەبەرییە بە سەر هەموو پەڕاوەکانی تۆمەتی تاوانکارییدا جێبەجێ دەبێت، لەوانەش؛ ئەوانەی دەستبەسەر نەکراون، بەڵام لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکانی پێش سەپاندنی تۆمەتەکە ناگرێتەوە.[lix] هەروەها ئاگادارکردنەوە لە هۆکارەکانی دەستگیرکردن بە جیا لە بەندی ٢ــی مادەی ٩ــی پەیماننامەکەدا دەستەبەر کراوە.[lx] مافی ئاگادارکردنەوە لە تۆمەتەکە 'دەستبەجێ' پێویستی بەوەیە زانیاریی بدرێت، ئەمە کاتێک کەسەکە بە فەرمیی و بەپێی یاسای ناوخۆیی،[lxi] بە تاوانێکی تاوانکاریی تۆمەتبار کرا، یان کەسەکە بە ئاشکرا ناوی وەک تاوانبار براوە. دەتوانرێت مەرجە تایبەتەکانی ژێربەندی ٣ (ا) بە خستنەڕووی تۆمەتەکە بە شێوەی زارەکی - ئەگەر دواتر بە نووسراو پشتڕاست بکرێتەوە - یان بە نووسراو جێبەجێ بکرێت، بە مەرجێک زانیارییەکان هەم یاساکە و هەم ئەو ڕاستییە گشتییە گومانلێکراوانە

نیشـــان بدەن وا تۆمەتەکەی لێوە چێ بووە. لە باری دادگایی پاشـــەملە، بەندی سـێیەم (ا)ـــی مادەی ١٤ دەخوازێت سـەرەڕای ئامادەنەبوونی تۆمەتبار، هەموو هەنگاوە پێویستەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی تۆمەتباران لە تۆمەت و دادبینییەکان بگیرێنە بەر.[lxii]

٣٢. خاڵی (ب) لە بەشـــەبڕگەی سـێ، باسـی ئەوە دەکات، دەبێت ،تۆمەتبـاران بە ویســتی خۆیـان کات و ئـاســـانکاریی گونجـاویـان بۆ ئـامـادەکردنی بەرگریی و پەیوەنـدییگرتن لەگەڵ پارێزەران هەبێت. ئەم بڕگەیە پێکهـاتەیەکی گرنگی دەســتەبەرکردنی دادگـایی دادپەروەرانە و جێبەجێکـردنی بنەمـای ڕەخســـانـدنی هـاودەرفەتیـە.[lxiii] لە بـاری تۆمەتبارێکی هەژاردا، پەیوەندیی لەگەڵ پارێزەر، تەنیا لەو کاتەدا دڵنیا دەکـرێتەوە، کە وەرگێڕێکی بێبەرانبەر لە قـۆنـاغی لێکـۆڵـینەوە و دادگـاییەکەدا دابین بکـرێـت.[lxiv] ئەوەی وەک کـاتی گونجـاو ئەژمـار دەکـرێـت، بە بـارودۆخی هەر بـارێکەوە بەنـدە. ئەگەر پـارێـزەران بە شێوەیەکی ژیرانە هەست بکەن کاتی ئامادەکردنی بەرگریکردنەکە بەس نـییە، ئەوا ئەرکی ئەوانە داوای دواخســـتـنی دادگـایـیەکە بـکەن.[lxv] دەوڵەتێکی ئەنـدام لە هەڵســوکەوتی پارێزەری بەرگریکار بەرپرســیار نـاکرێت، مەگەر وا دەرکەوتبێت، یان دەبوو بۆ دادوەر دەربکەوێت کە ڕەفتـاری پـارێزەرەکە لەگەڵ بەرژەوەنـدیی دادپەروەریی نـاگونجێت.[lxvi]

هەروەها پابەندیی بۆ پێدانی داواکاری کاتی گونجاو بۆ دواخستن بەردەستە، ئەمەش بە تایبەتیی کاتێک تۆمەتبار بە تاوانێکی تاوانکاریی قورس تۆمەتبار دەکرێت و کاتێکی زیاتر بۆ ئامادەکردنی بەرگرییەکەی پێویست بێت.[lxvii]

٣٣. دەبێت ئاسانکاریی گونجاو بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکان و دۆکۆمێنتی تر بگرێتەوە؛ دەبێت ئەم دەستڕاگەیشتنە هەموو ئەو مادانە[lxviii] بگرێتەوە وا داواکاری گشتیی پلانی هەیە لە دادگادا دژی تۆمەتبارەکە پێشکەشی بکات، بەوانەشەوە وا بێتاوانیی دەسەلمێنن. بەم چەشنە پێویستە لەو مادانە تێ بگەن وا بێتاوانیی دەسەلمێنن، ئەمەش نەک تەنیا مادەیەک بێتاوانیی دەسەلمێنێت، بەڵکوو بەڵگەی تریش بگرێتەوە و کە دەتوانێت یارمەتیی بەرگریکردنەکە بدات (بۆ نموونە، ئەو ئاماژانەی دانپێدانانێک کە خۆبەخشانە نەبووە). هەروەها لە بارەکانی بانگەشەیەکدا، کە بەڵگەیەک بە پێشێلکردنی مادەی ٧ی پەیماننامەکە بەدەست هاتووە، دەبێت زانیاری سەبارەت بەو بارودۆخانە بخرێتە بەردەست، کە ئەو جۆرە بەڵگانەی تێدا بەدەست هاتوون، بۆ ئەوەی ڕێ بە هەڵسەنگاندنی ئەو جۆرە بانگەشەیە بدرێت. ئەگەر تۆمەتبار بەو زمانە قسە نەکات کە دادبینییەکەی پێ بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەو پارێزەرەی نوێنەرایەتیی

دەکات، ئاشنایەتیی لەگەڵ زمانەکە هەبێت، ئەوا لەوانەیە بەس بێت تا بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان لە تۆماری پەڕاوەکەدا بخرێنە بەردەستی پارێزەر.[lxix]

٣٤. مافی پەیوەندیی لەگەڵ پارێزەر دەخوازێت تۆمەتبار دەستبەجێ دەستی بە پارێزەر بگات. پێویستە پارێزەری بریکار بتوانێت بە شێوەیەکی نهێنیی چاوی بە بریگرتەکەی بکەوێت و پەیوەندیی لەگەڵ ،تۆمەتباران گرێ بدات، ئەمەش لە بارودۆخێکدا کە تەواو ڕێز لە نهێنیی پەیوەندییەکان بگیرێت.[lxx] هەروەها، دەبێت پارێزەران بتوانن ئامۆژگاریی و نوێنەرایەتیی ئەو کەسانە بکەن وا تۆمەتبارن بە تاوانێکی تاوانکاریی بەپێی ڕەوشتی پیشەیی گشتیی پەسەند کراوە، ئەمەش بەبێ سنووردارکردن و کاریگەریی و پەستان یان دەستێوەردانی ناڕەوا لە هەر لایەنێکەوە.

٣٥. 'مافی دادگایی تۆمەتبار بەبێ دواکەوتنی ناڕەوا'[٤٢]، ئەمە لە بەندی ٣ (پ)ی مادەی ١٤دا هاتووە، تەنیا بۆ ئەوە دانەڕێژراوە کەسەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە دۆخێکی نادڵنیایی لەمەڕ چارەنووسیان بهێڵرێنەوە و ئەگەر لە ماوەی دادگاییەکەدا بە دەستبەسەریی ڕابگیرێن،

---

[42] The Right of the Accused to be Tried without Undue Delay.

ئەمە تەنها بۆ دڵنیابوون نییە لەوەی ئەو جۆرە بێبەشــکردنەی ئازادیی لە بارودۆخی پەڕاوی تایبەتدا زیاتر لە پێویســت بخایەنێت، بەڵکوو بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی دادپەروەریشـــە، لە بارودۆخی هەر پەڕاوێکدا،[lxxi] ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی پەراوەکە بە شـێوەیەکی سـەرەکیی و هەڵســوکەوتی تۆمەتبـار و شــێوازی مـامەڵەی بـابەتەکە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕیی و دادوەرییەوە. هەروەها لەو پەڕاوانەی کە تۆمەتبار لەلایەن دادگاوە ئازادیی دەســتەبەرانەی پەســەند ناکرێت، دەبێت تا دەکرێـت بە خێرایی دادگـایی بکرێن.[lxxii] ئەم دەســتەبەرییە تەنیـا پەیوەندیی بە کاتی تۆمەتبارکردنی فەرمیی تۆمەتبار و کاتی دەستپێکردنی دادگاییەکەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بەو کاتەوە هەیە وا بڕیاری کۆتایی لە ســەر داواکاری پێداچوونەوەش دەدرێت.[lxxiii] هەموو قۆناغەکان، چ لە دادگایی یەکەمدا بێت یان پێداچوونەوە، پێویســتە بێ دواکەوتنی ناڕەوا ئەنجام بدرێت.

٣٦. بەنـدی ســێیەم (ت)ـــی مـادەی ١٤، ســێ دەســتەبەریی دیاریکراوی تێدایە. یەکەم، بڕگەکە دەخوازێت لە کاتی دادگاییەکەدا تۆمەتباران 'مافی ئامادەبوون لە دادگا'[43] یان هەبێت. هەروەها دەکرێت دادبینییەکان، لە نـائـامـادەیی تۆمەتبـار و هەنـدێک بـارودۆخـدا، لە

---

[43] The Right to be Present during Trial.

بەرژەوەندیی بەڕێوەبردنی درووستی دادوەریی ڕێپێدراو بێت، واتە کاتێک تۆمەتباران، هەرچەندە پێشـــوەختە بەپێی پێویســـت لە دادبینییەکان ئاگادار کرانەوە، بەڵام ڕەتی دەکەنەوە مافی ئامادەبوونیان بەکار بهێنن. لە ئەنجامدا ئەم جۆرە دادگاییانە تەنیا لەگەڵ مادەی ١ـــــی بەندی ٣ (ت)ـــــدا دەگونجێن، ئەمەش کاتێک هەنگاوی پێویســـت بۆ بانگهێشـــتکردنی تۆمەتباران بنرێت، جا لە کاتی خۆی و پێشـــوەختە لە بەروار و شـــوێنی دادگاییەکەی و داوای ئامادەبوونیان ئاگادار بکرێتەوە.[lxxiv]

٣٧. دووەم، مافی هەموو تۆمەتبارانی تۆمەتی تاوانکاریی بۆ بەرگریی لە خۆیان، ئەمەش ڕووبەڕوو یان لە ڕێی پارێزەری یاســـایی بە بژاردەی خۆیان و ئاگادارکردنەوەیان لەم مافە، وەک لە بەندی ٣ (ت)ـی مادەی ١٤ـــــدا هاتووە، ئاماژەیە بۆ دوو جۆر بەرگریی و پێکەوە گونجاون. هەروەها ئەو کەســـانەی لەلایەن پارێزەرەوە یارمەتیی دەدرێن، مافی ئەوەیان هەیە لەبارەی هەڵســـوکەوتی پەراوەکەیانەوە ڕێنمایی پارێزەرەکەیان بکەن، ئەمەش لە ســـنووری بەرپرســـیارێتیی پیشـــەیی و گەواهییدان لەبری ئەوان. لە هەمان کاتدا، وشـــەکانی پەیماننامەکە بە هەموو زمانە فەرمییەکان ڕوونە، ئەمەش بەو پێیەی باس لەوە دەکات دەبێت بەرگرییەکە بە شـــێوەی ڕووبەڕوو یان بە یارمەتیی یاســـایی و

بژاردەی کەسەکە خۆی ئەنجام بدرێت، بەم شێوەیەش ئەگەری ڕەتکردنەوەی تۆمەتبار دەڕەخسێنی، تا پارێزەرێک یارمەتیی بدات. هەرچەندە ئەم مافەی بەرگریی لە خۆ بەبێ پارێزەر، ڕەها نییە. هەروەها ڕەنگە لە پەراوی دادگاییەکی دیاریکراودا، بەرژەوەندیی دادپەروەریی پێویستی بە دەستنیشانکردنی پارێزەرێک بێت، ئەگەر ئەمەش پێچەوانەی خواستی تۆمەتبار بێت، بە تایبەتیی لەو بارانەی کەسانێک بە شێوەیەکی بنچینەیی و بەردەوام کۆسپ بۆ بەڕێوەبردنی درووستی دادگاییەکە دەسازێنن، یان ئەوکاتەی ڕووبەڕووی تۆمەتێکی قورس دەبنەوە، بەڵام ناتوانن لە بەرژەوەندیی خۆیان کار بکەن، یان لەو شوێنانەی ئەمە پێویستە بۆ پاراستنی گەواهیدەرە مەترسیی لەسەرەکان لە مەترسیی یان هەڕەشەی زیاتر، ئەمە ئەگەر بێت و لەلایەن تۆمەتبارەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت. بەڵام دەبێت هەموو سنووردارکردنێکی خواستی تۆمەتباران بۆ بەرگریی لە خۆیان، ئامانجێکی بابەتییانە و بە ڕادەیەکی پێویست گرنگی دەبێت، هەروەها زیاتر لە پێویست نەبێت بۆ بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندییەکانی دادپەروەریی. لەبەر ئەوە، پێویستە یاسای ناوخۆیی تەرێز لە هەموو بەربەستێکی ڕەها دژی مافی بەرگریی لە خۆ لە دادبینییە تاوانکارییەکاندا بگرێت، ئەمەش بەبێ یارمەتیی پارێزەر.[lxxv]

٣٨. سێیەم، بەندی ٣ (ت)ـــی مادەی ١٤، مافی وەرگرتنی یارمەتی یاسایی بۆ تۆمەتباران دەستەبەر دەكات، ئەمە هەركاتێک بەرژەوەندیی دادپەروەریی بیخوازێت، ئەمەش بەبێ پارەدانی ئەوان، لە هەر بارێكی لەو جۆرەدا ئەگەر بێت و بڕی پێویســتیی تەواویان بۆ پارەدان نەبێت. هەروەها قورسـایی تاوانەكە گرنگیی لە بڕیاردان لەسـەر ئەوەی كە ئایا پێویستە پارێزەر هەبێت یان نا ئەمەش لە بەرژەوەندی دادپەروەریدا"[lxxvi] وەكو هەبوونی هەندێک هەلی سەركەوتنی بابەتیانە لە قۆناغی داواكردنی پێداچوونەوەكاندا.[lxxvii] لەو پەڕاوانەی سزای لە سێدارەدانیان تێدایە، ئەوە بەڵگەنەویســتە كە دەبێت تۆمەتبار بە شـێوەیەكی كاریگەر و لە ســەرپاكی قۆناغەكانی دادبینییەكاندا لەلایەن پارێزەرەوە یارمەتیی بدرێت.[lxxviii] ئەو پارێزەرانەی لەلایەن دەسـەڵاتە پەیوەندیدارەكانەوە لە ســەر بنەمای ئەم بڕگەیە دەســتەبەر دەكرێن، دەبێت لە نوێنەرایەتییكردنی تۆمەتباردا كاریگەر بن. بە پێچەوانەی باری پارێزەرانی تایبەتەوە،[lxxix] هەڵسوكەوتی خراپ و ئاشكرا یان ناكارامەیی، بۆ نموونە ڕەنگە كشـانەوە لە داواكاریی پێداچوونەوە بەبێ ڕاوێژ لە پەڕاوی سـزای لە سـێدارەدان،[lxxx] یان ئامادەنەبوونی گەواهیدەر لە ماوەی ئەم جۆرە پەڕاوانەدا،[lxxxi] بەرپرســیارێتیی دەوڵەتی پەیوەندییدار بۆ پێشـێلكردنی بەندی ٣ (ت)ـــی مادەی ١٤، دەگرێتەوە، بە مەرجێک بۆ دادوەر ڕوون

بێت کە ڕەفتاری پارێزەرەکە لەگەڵ بەرژەوەندیی دادپەروەریدا ناگونجێت.[lxxxii] هەروەها پێشێلی ئەم بڕگەیە دەکرێت، ئەمەش ئەگەر دادگا یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر ڕێگری لە پارێزەرە دەستنیشانکراوەکان بکەن تا بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن.[lxxxiii]

